# مستەفا بارزانی،
# ئەفسانە و ڕاستی

ئەمجەد شاکەلی

الدكتور فاضل البراك، مصطفى البارزاني الأسطورة والحقيقة، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد 1989، 353 صفحة.

بێجگە لەوەی، کورد بۆ خۆی نووسیویەتی، نووسین لە بارەی کوردستان و کوردەوە، گەلەک زۆرە و زۆربەیشی لە لایەن نووسەرانی ئەوروپایی و بیانیی دیکەوە نووسراون. لە نووسینی میللەتانی هاوسێی کورددا، وەک تورک، فارس و عەرەب، کە زۆر لەمێژە لەگەڵ کورددا پێکەوە دەژین و هاوئایینیشن، بە دەگمەن باسی کورد و کوردستان کراوە و دەکرێت. ئەگەر کرابێتیش یا بشکرێت ئەوا بێگومان، مەگەر چەند نووسینێکی لێ دەرچێت، بابەتی نووسینەکانی ئیسمایل بێشیکچی، بە شێوەیەکی خراپ کورد دەدرێتە ناسین. نووسین لە بارەی مەلا مستەفای بارزانییەوە، مەبەست نووسینی چڕوپڕ و فراوانە، کە سەرجەمی ژیان و کار و کردار و خەبات و هەڵوێست و بۆچوونی بگرێتەوە، زۆر کەمە یا هەر نییە. ئەوجا نووسینی کتێبێک (البراك، الدكتور فاضل، مصطفى البارزاني الأسطورة والحقيقة، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد 1989)ی 353 لاپەڕەیی، بە عەرەبی و لە لایەن کەسێکەوە، کە نەک هەر عەرەب بێت، بەڵکە ساڵانێکیش بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش(مديرالأمن العام)ی دەسگای سیخوڕان و پیاوکوژان و داپڵۆسێنەرانی عیراق بووبێت، بۆ خۆی کارێکە بێ مەڵامەت نییە و بە مەبەستێکی تایبەت کراوە، ئەویش شێواندنی ڕاستییە. نووسەر هەر لە دەسپێکرا، باسی نووسینی زانستی و نازانستی دەکات و وا دادەنێت، ئەوەی تا ئێستا لە سەر بارزانی نووسراوە، یا پێداهەڵدان بووە و کراوە بە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی و خەیاڵی، یا بە جارێک پشتی بە زەویدا دراوە و دژی نووسراوە. ئەم(ئەلبەراک) لەو بڕوایەدایە، کە بۆ خۆی کارێکی زانستی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی، ویژدانی خۆی بکاتە دادوەر و ڕێگە زانستییەکە هەڵبژێریت، ڕێگەی دیکەی هەڵبژاردووە، هەر بۆیەش بە یاخیبوو و چەتە و بەکرێگیراو و پیاوکوژ و ئەو جۆرە ناو و ناتۆرانە نێوی بارزانی دەبات و هەر لە پێشیشدا، بڕیاری خۆی داوە، ڕقی لێ ببێتەوە و لەبەرچاوی خوێنەری هاوبیر و هاوڕەگەزی بێویژدانی تەسکبینی خۆویستی وەک خۆی بخات و دزێوی پێشان بدات. ئەلبەراک، وەک زۆرینەی هەرەزۆری عەرەبان و هەموو عیراقییەکی دیکە، مەسەلەی کورد بە بەشێک لە مەسەلەی عیراق دادەنێت و براقی کورد بە براژێکی عیراقی دەداتە قەڵەم، وەک ئەوەی کورد تەنێ لە عیراقدا هەبێت. بەو شێوەیە کوردی عیراق و کوردستانی عیراق، لە تەواوی کورد و بەشەکانی دیکەی کوردستان، جوێ دەکاتەوە. ئەڵبەتە ئەو یەکیەتیی خاکی عیراقی بەلاوە گرنگە و هەموو بزووتنەوەیەکی ڕەوای کورد، بۆ ماف و خۆشگوزەرانی و ئازادی، بە جوداییخواز نێونووس دەکات. بێگومان نەک هەر ئەلبەراک و زۆرینەی عەرەبان، وا دەنۆڕنە مەسەلەی کورد، بەڵکە کۆمۆنیستانی عەرەب و کورد و تەنانەت حیزبە ناسیۆنالیستە کوردییەکانی کوردستانی عیراقیش، خۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

به عیراقی دەزانن و بزاڤەکەیشیان بە بەشێک لە عیراقیەتی دەزانن. وەنەبێ ئەو گێروگرفت و شێوە بیرکردنەوەیەش، تەنی لە کوردستانی عیراقدا هەبێت، بەڵکە لە کن بەشەکانی دیکەی کوردستانیش وەدی دەکرێت. بە بڕوای نووسەر، تەواوی بزاڤ و ڕابوون و شۆڕشەکانی کورد لە خوارووی کوردستان، هەر لە سەردەمی شێخ مەحموود و بارزانی و بارزانییەکانەوە، تا ڕابوونی ئەیلوولی 1961یش، هەموو ئینگلیزی لە پشتەوە بووە و بریتانییەکان، لە ڕێگەی ئەفسەر و جاسووس و پیاوەکانیانەوە، بابەتی "ئەدمۆندز" و "شوتر" و خەڵکانی دیکە و کۆمپانییەکانی نەوتەوە، هانی کوردیان داوە، بۆ بەربەرەکانی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق. ئەو تۆمەت و تاوانە هەموودەم دراونەتە پاڵ کورد و بێجگە لە ئەلبەراک، زۆری دیکەش بە کاروانەکەی کورد حەپیون. نەک هەر شۆڕشەکانی بارزانی و کورد، بە ڕای ئەلبەراک، بە دنەدانی ئینگلیز بوون، بەڵکە دامەزراندنی حیزبی "هیوا" و دانانی "ڕەفیق حیلمی"ش بە سەرۆکی هیوا، بە ڕای ئەلبەراک، بە دەستی "شوتر"ی ئەفسەری موخابەراتی بریتانی لە سلێمانی بووە و هەڵاتنی بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ بارزان و ڕاپەڕینی دژ بە ڕێژیمی عیراق لە ساڵی 1943یشدا، بە ڕای ئەلبەراک، بە دەستی ئینگلیز بووە و "بەکر سیدقی"ش، بە ڕای ئەلبەراک، بە دەستی ئینگلیز کودێتای کردووە. مرۆڤ، کە ئەو  قسانە دەژنەفێت، هێندەی دی خۆشەویستیی و ڕێزی، بەرانبەر بە بارزانی و ڕەفیق حیلمی و حیزبی هیوا و تەنانەت بەکر سیدقیش زیاد دەکات و تا ئەو ڕادەیەش ئەگەر وەها کارگەلێک ئینگلیزی لە پشتەوە بووبێت! بە چاکە و پیاوەتی بزانێت. جەمال نەبەز، لە بارەی بەکر سیدقییەوە دەڵێت:"هەموو ئەو دەورانەی دیبوو کە بەسەر خواروو کوردستاندا تێپەڕی بوون و بەچاکی دەوری کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیای لە تێکشکانی بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازانەی کوردستاندا بەچاوی خۆی دیبوو. لەبەر ئەوە لە ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز و دار و دەستەکەیاندا لە عێراق گەورەترین نەیاری کوردی دەدی. جا هەرچەندە بەکر سیدقی بیروڕای خۆی بە ئاشکرا دەرنەدەبڕی بەڵام بیری لە چارەنووسی کورد کردبووەوە"[1]. سەلاحوددین ئەسسەبباغ(صلاح الدین الصباغ)، کە ئەلبەراک، ڕاپەڕینەکەی لەگەڵ ئەفسەرانی دیکەی مووسڵی ساڵی 1941ی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتیی، بە کارێکی پیاوانە و نیشتمانپەروەرانە دادەنێت، لە بارەی بەکر سیدقییەوە دەڵێت:"دانیشی بە عێراقدا نەدەنا. ئەم مەیلەی بەکرە بوو بە هۆی کوشتنی. لە ساڵی 1937دا سوپای(عێراق) کوشتی، بۆ ئەوەی عەرەبایەتیی عێراق بپارێزێ"[2]. قین و ڕقی ئەلبەراک لە بەکر سیدقی لەبەر ئەوەیە، کە ئەو عەرەب نەبووە و ناسیۆنالیستێکی عەرەب نەبووە و تا ڕادەیەکیش بەرانبەر شۆڤێنیستییان وەستاوەتەوە. جەمال نەبەز دەڵێت:"بەکر سیدقی –وەک کوردێک- کوردی خۆشویستووە، و هەستی بەوە کردووە کە دەبێ کوردیش وەک مرۆڤ بژین و دەوڵەتی خۆیان ببێ، یا ڕکی لە جوولەکە نەبووە و ئەوانیشی وەک مرۆڤ و هاووڵات تەماشا کردووە. ئەمە نابێتە گوناه بۆ بەکر سیدقی، و مانای واش نییە کە بەکر سیدقی دوژمنی عەرەب و ئیسلام بووە. ئەوە هەیە کە بەکر سیدقی هەموو عیراقی بە پارچە کوردستانەکەشەوە بە نیشتمانی عەرەب نەزانیوە وەک حەسەنی سەبباغ، و ئەمەش تاوان نەبووە چونکە پێ وابووە کە کوردستان کوردستانە و عێراقیش عێراق"[3]. عادیل غەففووری خەلیل(عادل غفوری خلیل)، لە بارەی بەکر سیدقییەوە ئاوها دەڵێت:"کوودێتای 1936ی بەکر سیدقی، ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و کتێبی هەڵگرتووی بیری مارکسیزمی قەدەغەکراوی دا، لەبەر ئەوەی کوودێتاکە بە هۆی هاوکاری نێوان تاقمی (الأهالي) کە بیروباوەڕی

[1] نەبەز، جەمال، بیری نەتەوەیی کوردی، سوێد 1984، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ل215-217.
[2] سەرچاوەی پێشوو.
[3] سەرچاوەی پێشوو.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشکەوتنخوازانەیان هەبوو و سوپاوە بەرپا بوو، بەڵام ئەم بزووتنەوە کوودێتاییە لە هاوکاری لەگەڵ تاقمی (الأهالي)دا بەردەوام نەبوو. بەکر سیدقی و حیکمەت سلێمان لەگەڵ نەتەوەییەکاندا پێک هاتن(لەسەر ڕزگاربوون لە وەزیرە نانەتەوەییەکان و دەسەڵاتی نانەتەوەیی)"[4]. بەمەدا وا دەردەکەوێت، کە بەکر سیدقی لە خەڵکە نەتەوەییەکانەوە نێزیکتر بووبێت، تا لەوانی دیکەوە. ئیدی تاکە ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕکی ئەلبەراک لە بەکر سیدقی، هەر ناعەرەببوونی بەکر سیدقی، یا کوردبوونی ئەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە بەکر سیدقی فریشتە بووبێت و لە هەموو تاوانێک پاک بووبێت، چونکە، ئەو (بەکر سیدقی)، لە کوشتنی سەدان خەڵکی ئاشووریدا، لە گوندی سمێلی سەر بە شاری مووسڵ، ڕۆڵی هەبووە و بە فەرمانی ئەو، کە بێگومان ئەویش لە سەرووی خۆیەوە فەرمانی وەرگرتووە، ئەفسەرێک بە ناوی ئیسماعیل عەبباوی(إسماعيل عباوي)، ئەو خەڵکەی داوەتە بەر دەسترێژ و گوللەبارانی کردوون[5]. ئەلبەراک دژایەتی هەمان ڕێژیم، کە ئەسسەبباغیش دژایەتی کردووە، و حیزبسازکردن و چوونەچیا و ڕابوون لە لایەن کوردەوە، بە کارێکی خراپ دەزانێت و دەیکاتە فیتی ئینگلیز و تەنانەت دژایەتیی ڕێژیمی قاسمیش بۆ کورد، بە ڕەوا نابینێت، لە کاتێکدا کە قاسم دوژمنی خۆیان –حیزبی بەعس- یش بوو. ئەو هەر لەبەر ئەوەی، کە ئەو دژایەتییە بەرانبەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و قاسم و هەرکەسێکی دی، لە لایەن کوردەوە بووە، پێی خراپە و بە ناڕەوای دەزانێت، لە کاتێکدا ڕووخاندنی ڕێژیمی قاسمی لە لایەن بەعسەوە، پێ کارێکی پیرۆزە، هەرچەندە بە کۆمەکی ئەمەریکا و دەسگای سی. ئای . ئەی(C.I.A)، بوو. ئەلبەراک ڕابوونی بارزانی و پارتیی دژ بە قاسم، بە هاندانی کۆمپانییەکانی نەوتی بریتانیا دەزانێت و تاوانی ڕاونان و دژایەتی هێزە سیاسییەکانی دیکەی عیراق (نەتەوەییە عەرەبەکان) لە لایەن قاسمەوە، دەخاتە ئەستۆی پارتیی. ئەگەر ئێمە بنواڕینە جۆری پێوەندی نێوان بارزانی و عەبدولکەریم قاسم، ئەوەمان لا ئاشکرا دەبێت، کە بارزانی دڵسۆز و وەفادار بوو، بۆ ڕێژیمی نوێی عیراق و نێوانی لەگەڵ قاسم خۆش بوو و لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، کە دژایەتی قاسم بکات و لێی ڕاپەڕێت، چونکە ئەو، حوکوومەتی قاسمی، بە حوکوومەتێکی نیشتمانپەروەر دادەنا و تا ڕادەیەکیش بیروڕای وی بەرانبەر بە حوکوومەتی قاسم، لە بیروبڕوای خەڵکانی نیشتمانپەروەر و چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە نێزیک بوو. پاش سەفەرێکی بارزانی بۆ سۆڤیێت و گەڕانەوەی بۆ عیراق، ئیدی نێوانی سەرکردەیەتیی پارتیی لەگەڵ قاسمدا ناخۆش بوو، سەرکردەیەتیی پارتیی ئەودەم بە دەست دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییەوە بوو، پاش ئەوەی هەمزە عەبدوڵڵا و دەستەی چەپی نێو پارتیی هەر بە دنە و هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، لە لایەن بارزانییەوە، لە سەرکردەیەتیی پارتیی دوورخرابوونەوە، سەرکردەیەتیی پارتیی، ئەو ناکۆکییەیان قووڵ کرد و ئاگری ناتەباییان خۆش کرد، بۆ ئەوەی بارزانی لەگەڵ قاسمدا تێکبچێت و بداتە چیا، چونکە ئەوان (مەکتەبی سیاسی پارتیی =ئیبراهیم ئەحمەد + جەلال تاڵەبانی) پێشتر خۆیان بۆ دژایەتیی قاسم ئامادە کردبوو و کە ئاغاکانی دەوروبەری ڕانیە و پشدەریش، دژ بە قانوونی بیراز(ڕیفۆرم)ی کشتوکاڵ(قانون الإصلاح الزراعي) ڕاپەڕین، دەستەی مەکتەبی سیاسیی پارتیی، ئەوەیان کردە بیانوو و ڕاپەڕینەکەیان قۆستەوە و خەڵکیان لە دەوری خۆ کۆکردەوە و دەشبوو ڕێبەرێکیش سەرکردەیەتیی ئەو کارە بکات و لەبەر ئەوەی خۆیان پیاوی ئەوە نەبوون، ئیدی لە دەوری بارزانی کۆبونەوە و توانییان ئەویش قایل بکەن بە دژایەتیی ڕێژیم. کەواتە دژایەتی قانوونی ڕیفۆرمی کشتوکاڵ و دەستەی

---

[4] خليل،عادل غفوري، أحزاب المعارضة العلنية في العراق 1946-1954، بغداد 1984، ص 42.

[5] المحامي، جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم آراء وخواطر 1958-1988، الجزء الثاني، دار نبز للطباعة والنشر، السويد 1989،ص3 و8.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، بوونە هۆی تێوەگلانی بارزانی و ڕابوونی 1961، کە پێموایە هەڵەیەکی گەورە بوو و دەبوو نەکرابا و دەکرا، سوود لە نیشتمانپەروەریەتیی قاسم و نوێیەتی ئەو بار و ڕەوشە و ناناسیۆنالیستیی ئەو ڕێژیمە وەربگیردرێت، کە بەڕای من بارزانی بیری لەوە کردبووە و لێی تێگەیشتبوو، هەر بۆیەش دژایەتیی نەتەوەییە عەرەبەکانیش (ئەششەوواف و ئەوانی دیکە)ی پێ کارێکی خراپ نەبوو، بەڵام دەستەی ڕاستڕەوی مەکتەبی سیاسیی، کارەکەیان تێکدا و بارزانیشیان ناچار کرد، ڕێگەی چەک بگرێتە بەر. ئەلبەراک و تەواوی هاوتەرح و هاوبیرانی، هەمووده‌م دوژمنایەتیی عەرەب و ئیسلام و خزمەتکردنی بیانییان، وەک تۆمەت بەکار بردووە و کوردیان پێ تاوانبار کردووە. بەکر سیدقی و ڕەفیق حیلمی، بەوانە تاوانبار دەکەن، بەڵام بارزانی بە دەیان تۆمەتی دیکەش. هەر هەمان کات، کە بارزانییان کردووە بە پیاوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، کردوویانیشە بە پیاوی، کۆمۆنیزم و دوژمنی ئیسلام. گۆڤاری گەلاوێژ، کە ساڵانی 1939-1949 دەرچووە و خزمەتێکی باشی بە فەرهەنگی کوردی کردووە، ئەلبەراک ئەویش بە هی ئینگلیز دەزانێت و بە دژایەتی بەرەی فاشیزم و نازیزم مۆری دەکات. بەڕاستی سەیرە! خۆ دژایەتی فاشیزم و نازیزم، چ ئەودەم و چ ئێستاش و هەتا هەتایشە، پێوەری پێشکەوتنخوازی و مرۆڤدۆستی بووە و هەروایشە و هەروایش دەبێت. بۆ دەبێ ئەو کارە بۆ کورد عەیب بێت؟ کەوابێ سەلاحوددین ئەسسەبباغ و تاقمەکەی، کە دژ بە ڕێژیمی ئەو کاتەی عیراق بوون و ئەوان و خەڵکانی دیکەی نەتەوەیی عەرەب، کە بەربەرەکانیی ئەو ڕێژیمەیان کردووە و لێی ڕاپەڕیون، هەواداری فاشیزم و نازیزم بوون، یا پیاوی وان بوون! دژایەتی فاشیزم و نازیزم لەو دەمەدا ئەگەر بە پێداهەڵدانی ڕێژیمی ئەو کاتەی عیراق و بریتانیاشدا تەواو بووبێت —کە تەنانەت خەڵکانی چەپڕەویش کردوویانە- کارێکی دزێو و ناپەسەند نەبووە، بەڵکە بە پێچەوانەوە، بە پێشکەوتنخوازیی حسێب کراوە، ئیدی بۆ دەبێ گۆڤاری گەلاوێژ، کارێکی خراپی کردبێت؟ زۆر لە ئێمە داخوازیی بەعسییەکان لە ڕۆژنامەی ئەسسەورە(الثورە)ی سەردەمی قاسمی ساڵی 1960دا، بۆ تواندنەوەی گەلی کورد لە نێو نەتەوەی عەرەبدا، و ئەو مشتومڕەی نێوان ڕۆژنامەی خەبات و ئەسسەورەمان دێتەوە یاد، کەچی ئەلبەراک باسی ئەوە دەکات، کە میشێل عەفلەق لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری ئەودەمی پارتی کۆبووەتەوە و نیازی پاکی بەعسی پێشانداوە و هێمن و دڵنیای کردووەتەوە لەوەی، کە یەکیەتیی عەرەب نابێ ببێتە هۆی مەترسی تواندنەوەی کورد، کە گوایە پارتیی کۆمۆنیست ئەو پرۆپاگەندەیەی، لە نێو کورددا بڵاو کردووەتەوە. پێموایە بەعس هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئامانجی تواندنەوەی نەک هەر کورد، بەڵکە تەواوی نەتەوە و کۆمەڵ و خەڵکی ناعەرەبی، نێو سنووری وڵاتە عەرەبەکانیان —بە عیراق و سووریاشەوە، کە ئەوان بەشە کوردستانەکانیشیان بە هی ئەو دوو وڵاتە و عەرەب دەزانن- هەبووە. دەنا ئەگەر وانییە بۆچی بەعس، کە هێشتا دەسەڵاتی بە دەستەوە نەبوو، داوای تواندنەوەی کوردی دەکرد؟ بێگومان بۆ ئەوەی کاتی سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتووی عەرەب، کارەکەیان بۆ هاسان بێت و لە خەڵکی بە ڕەگەز و زمان عەرەب بەولاوە، کەسی دیکە لە نێو ئەو دەوڵەتەدا نەبێت و کێشەی نەتەوایەتیی سەرهەڵنەدات. لەمەڕ بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی بارزانی، ئەلبەراک دەیگێڕێتەوە بۆ مەریوانی کوردستانی ئێران و جارێکی دیکە بۆ تورکیا و جارێکیش دەیکاتە ئاشووری. ئەلبەراک ئەوەی پشتگوێ خستووە، کە ئەودەم کوردستان ئەمبەر و ئەوبەری نەبووە و خەڵک بە ئارەزووی خۆیان گەڕاون و سنوور نەبووە. تەسکبینی و بەرچاوتەنگی ئەلبەراک و هاوبیرانی لەوەدایە، کە وا دەزانن و دەیانەوێ وای پێشان بدەن، کە ئەو سنوورە دەستکردە و ئەو عیراقە، لەوەتی بوون هەیە، هەبووە، چونکە ئەوەتا بۆ خۆی دەڵێت:"ئێمە لێرەدا ئەوە جەخت دەکەینەوە، کە خەڵکی کوردستانی عیراق هەزاران ساڵە دانیشتووی ئەم خاکە پاکەن". ئەو مەبەستی ئەوەیە، کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەی ئەورۆ پێی دەڵێن کوردستانی عیراق، هەزارانساڵ،ە هەر بەشێکە لە عیراق و عیراقە و بەلای ئەوەدا ناچێت، کە "عێراق هەرگیز یەکەیەکی سیاسی خاوەن رابوردوویەکی سەربەخۆ نەبووە. ئەم سنوورانەی ئێستا کە بە زۆری، بە خواست و فەرمانی دەوڵەتگەلێکی بیانی و بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی دەرەکی دانراون و کێشراون لە سەردەمێکدا کە تەواوی زیندووان وەبیریان دێتەوە"[6]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو عیراقەی ئەو(ئەلبەراک) بە ئەزەلی و ئەبەدی دەزانێت، دەستکردی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەوانی دیکەیە. بێگومان یەکیەتیی خاکی کوردستان، هەموو بۆچوونەکانی ئەلبەراک پووچ دەکاتەوە. بنەماڵەی بارزانی ئەگەر لە مەریوانەوە، یا لە هەکاری و دیاربەکرەوە هاتبن، هەر لە کوردستانەوە، بۆ شوێنێکی دیکەی کوردستان هاتوون، بەڵام خۆ "عەفلەق" و "شبلی ئەلعەیسەمی" و "ئیلیاس فەرەح" و "زەید حەیدەر" و "موحەممەد سەلمان" و "مونیف ئەرەززاز" و دەیانی دیکەی سەرانی بەعس و سەدانی وەک، "ئەمیر ئەسکەندەر" و هەزارانی مرۆڤکوژ و چەقۆکێشی وەک "مولازیم موحسین" و بەکرێگیراوانی فلستینی و لوبنانی و ئوردونی و مسری و سوودانی دیکە، بە سەر چەندین سنووردا، هاتوونە عیراق و نەک هەر دژایەتی کورد، بەڵکە دژایەتی عەرەب و سابیئە(الصابئة، المندائیون) و شیعە و تورکمان و خەڵکی دیکەش دەکەن. بێجگە لە بارزانی، کە بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی بۆ دەکرێت بە عەیب، خەڵکانی دیکەی دژ بە رژێمیش، هەمان حیسابیان بۆ دەکرێت. ئەلبەراک، کە ناوی شەهید "سەلام عادیل" دەبات دەڵێت:"سەلام عادیل(حسین ا'حمد الرضي)، کە یەکێک بوو لە خەڵکانی تەبەعییەی ئێرانی". ئەوان(بەعسییەکان)، هێندە دڵکرمن و گوولەزگن، بۆ کوشتەیەکی 1963ی دەستی خۆیان، تەبەعییە و مەبەعییە دەخوێننەوە و هەر ئەوانیش(بەعس)، بە بیانووی تەبەعییەی ئێرانییەو،ە نێزیکەی 300-400 هەزار کوردی فەیلییان لە عیراق وەدەرنا، بەڵام نە خۆیان دەپرسن و نە کەسیش بۆی هەیە بپرسێت، کە عەفلەق و شبلی و چەقۆکێشەکانی دیکەی بەعس تەبەعییەی کوێن؟ نووسەر، خەباتی بارزانی و حیزبی هیوا و کورد، بۆ سەربەخۆیی، بە کارێکی نابەجێ دەداتە قەڵەم و پێیوایە، کە نەدەبوو ئەوان لەگەڵ ئینگلیز، یا هەر وڵاتێکی دیکەدا، بۆ ئەو مەبەستە کار بکەن، چونکە ئەوە دژایەتیکردنی عەرەبایەتی و یەکیەتی خاکی عیراق و برایەتی عەرەب و کوردە! هەر هەمان کار و تەواوی ئەوانەی، کە بۆ کورد بقەیە و حەرام، بۆ ئەوان حەڵاڵە و شیاو. مێژوو گەواهی ئەوە دەدات، کە دامەزراندنی حیزبی بەعس و دامەزراندنی فەرمانرەوایی بنەماڵەی ئال سعوود و ئال سەباح و ئالەکانی دیکە و دروستکردنی دەوڵەتی عیراق و ئوردون و دەوڵەتۆکەکانی کەنداوی فارس و ئەوانی دیکەش، کە ئێستا هەن و هێنانی فەیسەڵ بۆ عیراق و کردنی بە شا فەیسەڵی یەکەم و کوودێتای 1963ی بەعسی دژ بە قاسم و ئەو گۆڕانانەی، کە لە نێو وڵاتانی عەرەبدا روویانداوە، بە ئاگایی و کۆمەکی ئیمپریالیزمی جیهانی و بە تایبەت ئینگلیز و ئەمەریکا بوون. نەک هەر ئەوانە، بەڵکە پەیدابوونی بیری نەتەوەیی عەرەبییش بۆ خۆی، بە هۆی خاچهەڵگرانی نوێی بەکرێگیراوی دەسگای جاسووسی ئینگلیز و رۆژاواوە بووە. تەواوی ئەوانە جێگەی رەخنە و سەرنج نین –بۆ خۆیان- بەڵام بۆ کورد ئەگەر هەر لە زاری دەرچووبێت و باسی ئینگلیزی کردبێت، کە نەیشی کردووە، چونکە هەموو کوردێک ئاگادارە لەوەی، کە ئەو قورەی ئەورۆکە کورد تێی چەقیوە و دەیشێلێت، ئینگلیز خۆی بۆی گرتووەتەوە و تێی چەقاندووە، ئەوە خیانەت و جاسووسی و پیاوخراپییە. ئەو ئەفسەرە ئینگلیزانەی، کە لە کوردستان جاسووس بوون و بە قەولی ئەلبەراک"سەرۆک خێڵ و هۆزە کوردەکانیان دەکڕی.." لە نێو عەشیرەتە عەرەبەکانیشدا جێی خۆیان کردبووە و لەگەڵ سەرۆکەکانیاندا پێوەندیان

---

[6] دان، أوريل، العراق في عهد قاسم تاريخ سياسي 1958-1963، ترجمة و تعليق جرجيس فتح الله المحامي، دار نبز للطباعة والنشر، السويد 1989،ص18.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پتەو بوو و هەر بە نێو ئەوانیشدا دەگەیشتنە کوردستان. نووسەر، ئینگلیز دەکاتە یارمەتیدەری بارزانی، بۆ هەڵاتنی لە سلێمانییەوە بۆ بارزان و بۆ ڕابوونی ساڵی 1943ی، دژی ڕێژیمی پاشایەتی ئەودەمە، کەچی هەر خۆی دەڵێت، کە "باڵیۆزی بریتانی لە عیراق لە نامەیەکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانی وەها باسی بارزانی دەکات: لە ڕاستیدا لە سەرەتای پەیدابوونی ئەم یاخیبوونە هیچ بەڵگەیەکی ئەوە دیار نییە، کە یاخیبوونەکە هەستی نەتەوەیی یا نیشتمانی پاڵپێوەنەری بێت، بەڵکە بە پێچەوانەوە یاخیبوونێکی کەسەکیی، ناوچەیی بوو..". ئەگەر ئینگلیزەکان یارمەتی بارزانییان دابێت بۆ هەڵاتنی لە سلێمانی و بەرپاکردنی ئەم ڕاپەڕینە، ئیدی بۆچی بەم شێوەیە باسی دەکەن، خۆ هیچ نەبێت هەندێک پروپاگەندەیان بۆ دەکرد چونکە خۆیان –بە قەولی ئەلبەراک- سازیان کردووە!. پاش ئەوەیش بۆ هەمووان ڕوونە، کە ڕێژیمی پاشایەتی عیراق بۆ خۆی گرێدراوی ئینگلیز بوو و ئەوان بەڕێوەیان دەبرد، جا چۆن عەقڵگیرە ئینگلیز خەڵک لە خۆی، یا لە پیاوانی خۆی، هان بدات! پارتیی ڕزگاریی کورد، کە پارتییەکی چەپڕۆ بوو و زۆربەی سەرانیشی چەپ و مارکسیست بوون، لە بارەی ڕاپەڕینی ساڵی 1943-1945 ەوە، لە بڵاوکراوەکیدا وەها دەنووسێت:"بزاڤی بارزانییەکان، بزاڤێکی گەلێری دیموکراتی دژ بە کۆلۆنیالیزم و حوکوومەتانی پاشڤەڕوو بوو و ئامانجیشی ڕیفۆرمی دیموکراسییانەی گشتی و گەیشتن بوو بە مافە نەتەوەییە ڕەواکان. ئەم بزاڤەیش بە هۆی دەستدرێژکردنی دەسگا حوکوومەتییە پاشڤەڕووەکانەوە بۆ سەر هاوولاتییە بێدەسەلاتەکانی ئەم ناوچە گرنگەوە سەری هەڵدا. ئەم بزاڤە لە لایەن جەماوەری گەلی کوردەوە لە عیراقدا پشتگری لێ دەکرا، چونکە بە یەکێک لە ڕێگەکانی ڕزگاربوون و سەربەستی لە کۆلۆنیالیزم و شێوە پاشڤەڕووەکانی فەرمانڕەواییان دەزانی. خەباتێکی شۆڕشگێڕانە و ڕێگەی ئازادی و سەرفرازیشیان تێدا دەدیت"[7]. ئەلبەراک لە کۆماری مەهابادا ڕۆڵێکی خراپ دەداتە پاڵ بارزانی و دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە بارزانی دژ بە قازی موحەممەد و کۆماری مەهاباد، لەگەڵ ژەنەراڵ "همایون" دا ڕێک کەوتووە. بێگومان مەسەلەکە تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوەیە و ئەوەی، کە ئەو دەیڵێت تەنێ خواستی ئەلبەراک خۆی و هاوبیرانیەتی. لای هەموومان ئاشکرایە، کە بێجگە لە بارزانی و بارزانییەکان و هەڤاڵەکانیان لە کوردانی باشووری کوردستان، کەسی دیکە بۆ پاراستنی کۆماری مەهاباد جەنگی نەکردووە، چونکە "کوردانی ئێران تا ڕادەیەک کەمتر حەز بە شەڕ دەکەن و تەنانەت لە سەردەمی کۆماری مەهابادی ساڵی 1946یشدا هۆز و خێڵە کوردەکانی ئێران فرە سوور نەبوون لە داکۆکیکردن لە سنوورەکانی ئەم کۆمارە و بەشی هەرە زۆری ئەم ئەرکە بۆ هۆز و خێڵە عیراقییەکانی مەلا مستەفای بارزانی بەجێ هێڵرا. سەرۆکە گەورەکانی هۆزەکان –بۆ نموونە شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی گەیلانی- بە بێلایەن مایەوە"[8]. ئەوان(بارزانییەکان)، تا دوا ڕۆژانی کۆماری مەهاباد داکۆکییان لێ کردووە و تەنانەت بارزانی لە سەر خۆبەدەستەوەدانی قازی موحەممەد، بە حوکوومەتی ئێران ڕەزامەندی نەبوو. پێموایە ئەگەر بارزانییش نەبووایە کۆماری مەهاباد، ئەو یەک ساڵەیش خۆی ڕانەدەگرت و زووتر دەڕووخا. هەرچی مەسەلەی پلەی ژەنەراڵیی بارزانییە، ئەلبەراک دەڵێت، کە گوایە جلکی ژەنەراڵێکی ڕووسییان لەبەر کرد و ئیدی خەڵک نێوی ژەنەراڵیان لێ نا. لێرەدا مرۆڤ دەبێ بپرسێت، ئایا لە عیراقەکەی ئەلبەراکدا کەس هەیە بتوانێت و بوێرێت، نەک جلکی ژەنەراڵ بەڵکە جلکی عەریف و نایب عەریف یا تەنانەت هی پۆلیسێک و سەربازێکی پیسنەفەریش لەبەر بکات، ئەگەر کابرا بۆ خۆی ئەو پلەیەی نەبێت و لەشکر

---

[7] شريف، الدكتور عبدالستار طاهر، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن 1908-1958، الطبعة الأولي، دار الحرية، بغداد 1989، ص134.

[8] ادامسن، **ديڤيد** و جرجيس فتح الله المحامي، الحرب الكردية وإنشقاق 1964، ستوكهولم 1990، ص158.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەزامەندیی لە سەر نەبێت!. ئەوڕۆکە سەددامی سەرۆکی ئەلبەراک، جلکی مارشاڵ و موهیب لەبەر دەکات و خۆی کردووە بە موهیب، بێ ئەوەی تاکە یەک ڕۆژیش سەربازیی کردبێت، بۆچی ڕۆژێک بە هەڵە "عیززەت ئەلدووری"، "تاها ڕەمەزان"، "تاریق عەزیز" یا هەر کەسێکی دی لەوان لەبەری ناکەن و خەڵک نێوی موهیبیان لێ بنێن، جا بزانە نەک هەر خۆیان، بەڵکە هەموو عەشیرەتەکانیشیان هەڵناواسن. خۆ ئەودەمەی کۆماری مەهابادیش جلکی ژەنەراڵیی هی لەشکری ڕووسی ژێر فەرماندەی ستالین بووە، کە مەگەر موهیبە سەرۆکەکەی ئەلبەراک شانی لە شانی دابێت، لە درندەیی و خوێنڕێژیدا. بارزانی لە کۆمارە نوێ دامەزراوەکەی مەهابادا، کرا بە ژەنەراڵی لەشکری کۆمارەکە و فەرماندەی هێزی چەکداری درایە دەست و ئەو جلکی ژەنەراڵییەیەش، کە لەبەری کردووە جلکی ڕەسمیی کۆماری مەهابادە. ئەلبەراک، کە دێتە سەر باسی چوونی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت دەڵێت، ڕووسەکان دەیانزانی، بارزانی بەکرێگیراوی بریتانیایە. کابرایەک، کە تازە ئەلفبێی سیاسەت فێربووبێت وا ناڵێت، چونکە ئەگەر وا بووبێت، سۆڤییەتی ستالین چۆن بەکرێگیراوێکی بریتانی لە وڵاتەکەیدا داڵدە دەدات. "دانا ئادەم شمیت"، نووسەری "گەشتێک بۆ وڵاتی ئازایان" دەڵێت، کە لە کۆتایی 1946دا، بارزانی داوای پەنابەری بۆ خۆی و هەڤاڵەکانی لە ئەمەریکا کرد، داواکەی درایە دواوە، چونکە بە دارودەستەی سۆڤییەت دەزانرا. ئەلبەراک، کە باسی بارزانی و چۆنیەتی سەپاندنی دەسەڵاتی لە ڕێگەی پاراستنەوە دەکات دەڵێت:"مرۆڤ بێزی دێتەوە لەوەی، ئەو شێوانە باس بکات، کە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەکاری بردوون". ئەم قسەیە ئەگەر یەکێک، کە یەک تۆز مرۆڤدۆستیی و بەزەیی لە مێشک و دڵدا بووایە، بیکردایە، لێی قەبووڵ دەکرا، چونکە بەڕاستی، هەموو دەسگایەکی جاسووسی و پۆلیسی و سوپایی، دەسگاگەلێکی سەرکوتکەر و دژ بە مرۆڤن و هێزێکن، بۆ دامرکاندنەوە و تاساندنی ئازادی دادەمەزرێنرێن، ئیدی هی هەر کەس و هەر لایەک بن چ جیاوازییان نییە، بەڵام ئەلبەراکی بەعس وەها بڵێت سەیر و سەمەرەیە، چونکە بە گەواهی هەموو دنیا، گەمارترین و قرێژترین و مرۆڤکوژترین ڕێژیمی دنیا، ئەوەکەی ئەلبەراکە. ئەو(ئەلبەراک)، شێوە ڕەوتاری خۆیان لەبیر دەکات، کە لە ئەشکەنجە و کوشتنی مرۆڤدا، چ داهێنان و بەدەوکارییەک دەکەن. ئەلبەراک، دەیەوێت بە ژمارە و ئامار تاوان بداتە پاڵ بارزانی و پارتیی و زۆر شتیان لە نێوان 1970-1974دا لە سەر دەکاتە ماڵ و وەئەستۆیان دەخات، لە کاتێکدا تاوانەکانی خۆیان لە عەرەباندن و بەعساندنی کوردستان و بە زۆر کۆچپێکردنی سەدان هەزار کوردی فەیلی و هەوڵدانی کوشتنی بارزانی و سەدان کاری دیکە باس ناکات. لە جەنگی شەش ڕۆژەی عەرەب و ئیسرائیلدا، بارزانی جەنگی خۆی و حوکوومەتی عیراقی ڕاگرت و داوای لە "عەبدوڕڕەحمان عارف"ی سەرۆکی ئەودەمەی عیراق کرد، کە ڕێگەی بدات پێشمەرگە بنێرێت بۆ بەشداربوون، لە جەنگی دژ بە ئیسرائیلدا، کەچی ئەلبەراک بە پێچەوانەوە باسی دەکات و دەڵێت، کە بارزانی هێزەکانی سوپای عیراقی خەریک کردبوو، بۆ وەی نەچن بۆ جەنگی ئیسرائیل. ئەلبەراک پێوەندی بارزانی بە ئیسرائیلەوە دەکاتە عەیبێکی گەورە و تاوانێکی گەلەک خراپ. جارێ پێشەکی ئەگەر پێوەندکردن لەگەڵ هەر کەسێکدا، یا هەر لایەن و دەوڵەت و هێزێکی بیانیدا، بۆ بارزانی تاوان بێت، وەک ئەلبەراک پێیوایە، خۆ دەبێ ئەو کارە بۆ هاوبیران و خێڵی ئەلبەراک خۆیشیان هەر تاوان بێت. ئەی ئەوە نییە هەموو سەرانی عەرەب، لە سەر ئەوەی کامیان زێتر و زووتر دەتوانن لە ئیسرائیلەوە نێزیک ببنەوە، پێشبڕکێ دەکەن!. کە ئیسرائیل "کچێکی زۆڵی ئەو زینایەیە، کە لە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕووی داوە" بە قەولی عەلی شەریعەتی[9] و یاریی بە هەموو دنیا دەکات و دەسەڵاتی بە سەر زۆرینەی دامودەسگای زانستی و ئابووری و ڕاگەیاندن و

---

[9] شريعتي، الدكتور علي، العودة الي الذات، ترجمة د. إبراهيم الدسوقي شتا، القاهرة 1986، ص 161.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سیاسەتی دەوڵەتاندا هەبێت، ئیدی بۆ دەبێت بۆ بارزانییەکی بێ پشت و پەنا عەیب بێت! کەسێک لە خنکاندا بێت، بۆ ڕزگارکردنی خۆی، پەنا دەباتە بەر پووشێک. بارزانییش شتێکی جیاوازی لە هیچ سیاسییەکی دیکەی ئەو دنیایە نەکردووە و هەر کارێکیشی کردبێت بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستانی کردووە. هەر هاوبیران و عەرەبەکانی خزمی ئەلبەراک، بۆ خۆیان پاڵیان بە بارزانییەوە نا، بۆ پەنابردنە بەر وڵاتانی دیکە و داوای کۆمەک لێیان، چونکە ئەوان ئەگەر هەر یەک قیچ بڕوایان بە مرۆڤایەتی و دیموکراسی و برایەتی و ماف گەلانی دی و هاوئاییینی هەبووایە، ئەڵبەت دانیان بە ماف کورددا دەنا و کێشەکەیان چارەسەر دەکرد و پاڵیان بە بارزانی و بزاڤەکەیەوە نەدەنا، بەرەو باوەشی ڕۆژاوا و ئیسرائیل. ئەگەر سەردانی بارزانییش بۆ ئیسرائیل دەکاتە عەیب، پێموایە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە نرخ و پایەی بارزانی کەم ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە وەفا و گەورەیی و جوامێری و دڵسۆزی و سادەیی ئەو پیاوە، پێشان دەدات، کە لە کاتێکی وادا، دۆستی خۆی بەسەرکردووەتەوە. ناردنی پیرۆزبایی لە لایەن بارزانییەوە، بۆ ئیمام خومەینی، بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە، ئەلبەراک بە باشی نازانێت و بارزانی پێ تاوانبار دەکات. لە کاتێکدا، کە تەواوی دنیای شۆڕشگێڕ و چەپ و چەوساوەدۆست و خێرخواز، بە فلستینی و عەرەبەکانی دیکەی خزمی ئەلبەراک خۆیشییەوە، شۆڕشی ئێران و گەڕانەوەی ئیمام خومەینییان، بە سەرکەوتنی هێزی خێر و شۆڕشگێڕ و چەوساوەکانی جیهان دەزانی، تەنێ بەعس و عیراق و ئیمپریالیزم و داروودەستەکانیان، بە جۆرێکی دیکە هەوڵی ڕاگرتن و لە نێوبردنیان داوە و تەواوی هێزی خۆیان، بۆ دژایەتی ئەو شۆڕشە تەرخان کردووە. ئەلبەراک، بۆ تاوانبارکردنی بارزانی، "موکەڕەم تاڵەبانی" و "هاشم عەقراوی" و "عەبدوڵڵا ئیسماعیل(مەلا ماتۆڕ)" و چەند کۆنە پارتییەک، کە ناوی خۆیان ناهێنن و بڵاوکراوە و نووسینەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، دەکاتە شایەت و سەرچاوە. هەمووکەس جاش موخەزرەم(مخڤرم)انی وەک موکەڕەم تاڵەبانی و پەتوویستەکانی هاوڕێی دەناسن. ئەوان لە هەموو عەسر و زەمانێکدا هەر کاسەلێس و ئەڵقەلەگوێ بوون و کەری نێو جۆگە ئاسا، هەم لەمبەر و هەم لەوبەریش خواردوویانە. لەگەڵ کۆمۆنیست و چەپدا دەمامکی پێشکەوتنخوازییان هەڵگرتووە و قەیرەکۆمۆنیستن و لە هەمان کاتیشدا لە سەر خوانی چەوری بەعسی ئاغایان لەوەڕاون. هاشم عەقراوییش، پێویستی بە ناساندن نییە، چونکە زۆر لەمێژە ئاوڕووی تکاوە و دوژمنایەتی کوردی وەئەستۆ گرتووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکە هەر خۆیشی لە کورد تەبەڕا کردووە و خۆی بە عەرەب داوەتە ناسین. مەلا ماتۆڕ و ترسنۆکەکانی دیکە، کە ناوێرن نێوی خۆیان ئاشکرا بکەن، هەموو کەسانێکی نەفرەت لێ کراون و زۆربەیشیان دەستە و دایەرە و تاقمی ئەلنوور(النور) و دەرچووی فێرگە بەدناوەکانی بەکرەجۆ و کەلاری جەلالییەتن. ئەوان، ئێستاش خەونی جەلالییانە دەبینن و لە ڕوانگەی جەلالییەتەوە، دنیا دەبینن و بەرانبەر بە بارزانییش، لە هەرزەگۆیی باشتریان بە زاردا نایەت. هەرچی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشە، کە سەرچاوەیەکی هەرەگرنگی ئەلبەراکە بۆ تاوانبارکردنی بارزانی، بە پێوەنکردن بە ئیسرائیلەوە و هاوکاری لەگەڵ ئێراندا، هیچ گلەییەکیان لێ ناکرێت، چونکە ئەوان دژایەتی بارزانی و تێکدانی شۆڕشی کورد، هۆی دروستبوونیان بوو. هەر لە 1964یشەوە، چالاکانە لەو بوارەدا تێکۆشیون. ئەوان بەردەوامی و درێژەپێدانی فێرگەی 66ن، کە هەزاران لاوی کوردی سەقەت و ئیفلیج و گەندەڵبیر کرد و سەرانی ئەوانیش پێشەنگی پێوەند بوون لەگەڵ ئیسرائیل و ئێرانی شا دا. هەر ئەوانیش بوون، کە بۆ سەددامی براگەورە و دادوەریان، کوردی هەژار و بێ دەرەتانیان ڕاو دەکرد. ئەوانەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئەلبەراک، کە بێگومان مەیموونی لەوانە مەیموونتر، بۆ ئەوەی هەڵیانپەڕێنێت و خەڵکی لەوانە خۆفرۆشتر و حەیاتکاوتری دەست ناکەوێت، کە بیانکات بە شایەتی خۆی. تەواوی ئەوانە، کورد لەو ناوەی، کە پڕ بە پێستیانە –جاش و خۆفرۆش- زێتریان پێ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناڵێت. تەمەنێکە دەیانەوێت نێوی بارزانی پەڵەدار کەن، بەڵام زەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێت. پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبە و ئەو چەواشەکردن و شێواندنی ڕاستییەی ئەلبەراک، مرۆڤ هێندەی دی خۆشەویستی و ڕێزی بۆ بارزانی زیاد دەکات و لێهاتوویی و سیاسەتزانیی و ڕاستی بارزانی، لا دەچەسپێت و بوودەڵەیی و هەڵەشەیی دوژمنانی ئەویشی، زێتر بۆ دەردەکەوێت. بارزانییەک، کە هەموو دنیا و مێژوو، بە سەرکردە و پێشڕەوێکی ئەفسانەیی دادەنێن، بە قەولی چەند جاش و بەکرێگیراو و خۆفرۆش و سۆزانییەکی بازاڕی سیاسەت —ئەگەر خۆیشیان بە قەیرەسیاسی بزانن- نێوی لە دڵ و دەروون و هەستی خەڵکی کورددا کاڵ نابێتەوە. ئەگەر، کورد گوتەنی، قسەیەکیش بۆ دز بکەین، دەبێ ئەوە بڵێین، کە لەگەڵ هەموو هەڵە و چەوتوچێڵی و شێواندنێکیشدا، هێشتا ئەلبەراک، گەلێک لەو سەرچاوانەی، کە پێشتر باسم کردن و ناوم هێنان، بە ویژدانترە و زمانیشی پاکترە و هیچ ناووناتۆرەیەکی خراپیش لە بارزانی نانێت و قسەی ناشیرینی پێ ناڵێت. ئەلبەراک و زۆربەڕێز و شەریفەکانی سەرچاوە —ئەوانەی سەرەوە- و هاوسەنگەرەکانیشی، ئێستاش بە بیستنی ناوی بارزانی، دەستنوێژیان دەشکێت.

بەهاری 1991



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com